# ناسەقامگیری کوردستان خزمەت بەدام

## تێکدانی باری سەقامگیری کوردستان

تەنیا لە ڕێگای یاساوە دەکرێت دوور بکەوینەوە لەئابوورییەکی نارێکخراوو ناسەقامگیر

بەدامەزراویکردنی ئابووری؛ پێگەی ئابووری و یاسایی کوردستان بەهێز دەکات، بەتایبەتی لەهەرێمێکدا کە مۆزایکی نەتەوەیی و ئایینی تێدا بێت و، لە هەوڵی ئەوەدا بین لەچوارچێوەی داخراوی پاشکەوتەیی دەوڵەتی (فاشیل و گەندەڵ )ی عێراق دەربازمان بێت، کە کێشە سیاسی و ئابوورییەکانی بەزەحمەت تێدا چارەسەر دەبێت، ئەمەش لەو روانگەیەوە هاتووە کە ئابووری پێویستی بەرێکخستن هەیە کە بە تەنیا لە ڕێگای یاساوە دەکرێت خۆمان دوور بخەینەوە لە ئابوورییەکی نارێکخراوو ناسەقامگیر، بەمشێوەیە دامەزراوەکانی ئابووری پێویستە لەچوارچێوەی یاساو سیستەمێکی وادا رێکبخرێن، کە زامنی چارەسەرکردنی کێشەکان و راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی بکات، چونکە هیچ کۆمپانیاو بیزنسکارو وەبەرهێنێکی بیانی ئامادە نییە رووبکەنە هەرێمێك کەیاسا تێیدا سەروەر نەبێت و ناشەفافییەت و نائارامی و نامتمانەیی بەداهاتووی ئابوورییەکەیەوە بێت. راگرتنی ئەو فاکتەرانەی بۆ سەقامگیری ئابووری و گەیشتن بەئابووری بازاڕ گرنگەو بەخاڵی سەرەکی و ستراتیژی دادەنرێت، یەکێکیش لەو فاکتەرانە بوونی دامەزراوەکانە کەبەبێ بەدامەزراوەیکردنی دامودەزگاکان، یاسا جێبەجێ ناکرێت و ناتوانرێت هەنگاو بەرەو پەرەپێدانی ئابووری بنرێت.

**نەبوونی پلانی ئابووریش وایکردووە ئابوورییەکەمان ناسەقامگیرو نائارام بێت و ستراتیژیەتێکی روونمان نەبێت بۆ داهاتوو**

نەبوونی دامەزراوەیی ئابووری بەتوانا وایکردووە یاساو رێنماییەکانی راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی و بەڕێوەچوونی کەرتی گشتی و تایبەتی کەموکورتی تێبکەوێت، ئەمەش هۆکارێکە لەهۆکارەکانی نەبوونی سیستەم و فەلسەفەی ئابووری، بگرە نەبوونی پلانی ئابووریش وایکردووە ئابوورییەکەمان ناسەقامگیرو نائارام بێت و ستراتیژیەتێکی روونمان نەبێت بۆ داهاتوو، بەرادەیەك بە بەردەوامی بکەوینە دۆخێکی ئابووری پڕ لە مەترسییەوە، لەئاکامی



بەدامەزراویکردنی دامودەزگاکان شانسێکی زیاترمان دەداتێ بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئاستەنگ و رووداوە کتوپڕەکان

# ـــەزراوەکردنی ئابووری کوردستان ناکات

## بازاڕی کوردستان بێ متمانە دەکات

نەبوونـــی بەرنامـــەو دامەزراوەیـــی ئابوورییەوە پیـــلان ومەرامی ئاژاوەگێڕی کاردانەوەی توندی لەسەرنائارام وناســـەقامگیری پرۆسەی ئابووری هەیـــە، لەلایەکی ترەوە دەســـتێوەردانی دەرەکیش هۆکارێکی ترە بۆ درێژەپێدان بەونائارامی سیاسی و ناســـەقامگیرییە ئابوورییەی کەچەند دەیەیەکە دووچـــاری عێراق بووە، کاردانەوەو شـــوێنەواری لەسەر هەرێمی کوردســـتانیش بەتوندی هەبووە. ســـەرۆکی هەرێم کـــەداوای بەدامەزراویکردنی دامودەزگاکانی هەرێمی کردووە، لەو روانگەیەوە هاتووە کەچیتر ئەو دامودەزگا حکومی و ئەهلی و رێکخراوانە لەگـــەڵ پێگەی بەهێزی ئابووری و سیاســـی هەرێمی کوردســـتان لـــە پێگەیەکی ئاڵۆزو ناســـەقامگیریی رۆژهەڵاتی ناوەراســـت و جیهانـــدا ناگونجێـــت، بەدامەزراویکردنـــی دامودەزگاکان شانســـێکی زیاترمـــان دەداتێ بۆ رووبەرووبونەوەی ئاســـتەنك و رووداوە کتوپڕەکان، دەبێـــت خۆمان بـــۆ بەڕێوەبردنی مەترســـییەکان ئامادەکردبێـــت، راســـتە بەدامەزراویکردنـــی دامـــودەزگاکان ئەرکـــی حکومەتـــی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەم ئەرکە گرنگ و ستراتیژییە بەبـــێ چاودێـــری و بەدواداچوونی ســـەرۆکی هەرێم جێبەجێ ناکرێت، دووبارە هاتنە پێشـــەوەی مەســـەلەی »بەدامەزراویکردنی ئابـــووری» لەو واقیعەوە هاتووە» بەدامەزراویکردنی دامودەزگاکان و ئابووری لاوازکردنی ئاژاوەگێڕیی و هەموو گێرە شێوێنییەکە،کە بۆ مەبەســـتی نانەوەی فەوزای سیاســـی و ئابـــووری مەرامـــی تێکدانی باری ئابووری ئەنجام دەدرێت. بوونی پیلان دژ بەگەلی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، تەحەددای بەردەم حکومەتی هەرێـــم ئاڵۆزو گەورە کردووەو، پێویســـت بەوە دەکات حکومەتەکە پرۆڤیشناڵ و لەئاســـت ئەو تەحەددایە بێـــت، هەنگاوی خێراو زانستییانە بگیرێتە بەر بۆ سەقامگیری ئابووری و بەهێزکردنی هەرێمەکە. حکومڕانی سەرکەوتوو بەبێ بەدامەزراویکردنی ئابووری بۆ رووبەرووی گەندەڵی و ناشەفافییەت شانسی کەمترە، راگرتنی ئـــەو فاکتەرانەی بۆ ســـەقامگیری ئابووری و گەیشتن بەئابووری بازاڕ گرنگە

**بەبێ بەدامەزراوەیکردنی دامودەزگاکان، یاسا جێبەجێ ناکرێت و ناتوانرێت هەنگاو بەرەو پەرەپێدانی ئابووری بنرێت**




**لە ئاکامی نەبوونی بەرنامەو دامەزراوەیی ئابوورییەوە پیلان و مەرامی ئاژاوەگێڕی کاردانەوەی توندی لەسەر نائارامی و ناسەقامگیری پرۆسەی ئابووری هەیە**

بەخاڵی سەرەکی و ستراتیژی دادەنرێت، یەکێکیش لەو فاکتەرانە بوونی دامەزراوەکانە کەبەبێ بەدامەزراوەیکردنی دامودەزگاکان، یاسا جێبەجێ ناکرێت و ناتوانرێت هەنگاو بەرەو پەرەپێدانی ئابووری بنرێت. بەدامەزراویکردنی ئابووری لەناو پرۆسەیەکی فراوانی بەدامەزراویکردنی سەرجەم دامودەزگاو فەرمانگەو پارتی سیاسی و کۆمپانیاو دامەزراوەکانی حکومی و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و میدیاو کەناڵە جۆر بەجۆرەکانی تر دێت، ئەو گەل و نەتەوە پێشکەوتووانەی ئەمڕۆ لەپێشەنگی کاروانی پێشکەوتن و پەرەپێداندا ناویان دێت، هەر زوو ئەو ڕاستیەمان بۆ دەرکەوتووە، تاکە ڕێگا لەبەردەم ڕێگرتن لە ئاژاوەگێڕان و نانەوەی پشێوی و نائارامی ئابووری لەبەدامەزراویکردنی وڵات و ئابوورییەوە ئەنجام دەدرێت، کە زۆربەی جاربەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و نانەوەی ئاژاوەو پشێوییەوە ڕوودەدات، گەلانی پێشکەوتووخواز هەر زوو ئەو مەقوولەیەیان بۆ دەرکەوت کە»»دەستوورو یاسا» زۆر گرنگترە لەوشەی «دیموکراتی»،دەستوورو یاساش بێ دامەزراوەکان جێبەجێ ناکرێت و سەروەری بۆ ناگەڕێتەوە.

**بەدامەزراویکردنی ئابووری لەناو پرۆسەیەکی فراوانی بەدامەزراویکردنی سەرجەم دامودەزگاو فەرمانگەو پارتی سیاسی و کۆمپانیاو دامەزراوەکانی حکومی و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و میدیاو کەناڵە جۆر بەجۆرەکانی ترەوە دێت**

### بەهێزی ئابووری هەرێم یەکسانە بەبەهێزی پێگەی ئابووری و سیاسی دامەزراوەکانی، بەتایبەت لەهەولێری پایتەخت

پێگەی بەهێزی ئابووری و سیاسی هەولێر بۆ سەرجەم هەرێمی کوردستان و پارچەکانی تری کوردستان پێداویستییەکی سەردەمەو، بۆ سیستەمی ئابووری بازاڕ گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ناکرێت ئیدیعای ئابووری بازاڕ بکەین بێئەوەی خاوەنی سەنتەرێکی بەدامەزراوەیکردنی ئابووری بەهێز نەبین، مەبەست لەم سەنتەرە بۆ پەیڕەوکردنی مەرکەزییەتی ئابووری نییە، بەڵکو بۆ بەهێزکردن و ڕێکخستنی سیستەم و بنەماکانی ئابوورییە، لەسەرجەم ئەزموون و واقیعی ئابووری وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانی یەکەم ژێرخان و سەرخانە ئابوورییەکەی بەدامەزراوەییەکانی دەناسرێنەوە، ناوی شارەکانی دوبەیی و قاهیرەو کوالالامپورو لەندەن و واشنتۆن و باریس و تۆکیۆو زۆربەی پایتەختەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی تری جیهان پێش ناوی ئیمارات و میسرو مالیزیاو بەریتانیا و ئەمەریکاو فەرەنساو ژاپۆن دەهێنرێت، ئەمە وەك واقیعێکی ئەزەلی دەمێنێتەوە هەروەکو چۆن پێشترشارستانییەت و ئیمپراتۆرییەتەکانیش لەڕێگای پایتەختەکان و دامەزراوەکانییەوە دەناسرانەوە، کەواتە بەهێزی ئابووری هەرێم یەکسانە بەبەهێزی پێگەی ئابووری و سیاسی دامەزراوەکانی بەتایبەت لەهەولێری پایتەخت. بوونی ئارامی و سەقامگیری سیاسییە وایکردووە هەولێر ببێتە ناوەندێك بۆ وەبەرهێنەران و بازرگان و ڕێکخراو و

**ناکرێت ئیدعای ئابووری بازاڕ بکەین بێ ئەوەی خاوەنی سەنتەرێکی بەدامەزراویکردنی ئابووری بەهێز نەبین**

پارتە سیاسییەکان و میدیاو کونسوڵخانەی بیانی و بەسەدان هەلی کار بۆ هاووڵاتیان و دەستی کاری بیانیش دابینکراوە، ئەم ڕاستییە دوژمنان و ناحەزانی گەلی کوردستانیش دەیزانن، تەنیا ئەو گرووپ و تاقمانە نەبێت کە تازە بەتازە سەرقاڵی ئەو سیناریۆی ناوچەگەرێتی و لەخشتەبردن و چەواشەکردنن، پارێزگاریکردن لەدەستکەوت و بەدامەزراوەیکردنی ئابووری ئەرکی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیشە، لێرەدا خوێندنەوەیەکی ئابوورییانە بۆ گرنگی دامەزراوەکان بۆ سەقامگیری و ئارامی و پەرەپێدانی ئابووری و پێشخستنی خزمەتگوزارییەکان دەخەینە ڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش گفتوگۆیەکمان لەگەڵ چەند ئەکادیمی و شارەزایەکی ئابووری ئەنجامدا کەلێرەدا پوختەی بۆچوونەکانیان دەخەینەڕوو.

### دامەزراوەکان ڕێگرن لەبەردەم ئاڵۆزبوونی بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەکان

بنیاتنانی ئابووری لەڕێگای دامەزراویی نوێوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەیەکداچوونی بەرژەوەندییەکان و بازاڕیش ڕێك دەخرێت و، هاووڵاتیش لەناو دامەزراوەکان باشتر ئەرك و مافەکانی ڕێك دەخرێت، ئەمە جگەلەوەی لەکاتی کەوتنەوەی قەیرانەکان و ئاڵۆزبوونی بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەکان باشتر دەتوانین ڕووبەرووی ئەو دژواریانە ببینەوەو دارمانی ئابووری گەورەو خێرا ڕوونادات، لەمبارەیەوە دکتۆر دلێر حەقی شاوەیس ئەکادیمی و شارەزا لەبواری ئابووری پێی وایە: لەڕێگای دامەزراوەکانەوە دەتوانرێت ئامانج و مەبەستە ئابووری و سیاسییەکان بپارێزین و، دەستکەوتە سیاسی و ئابوورییەکان بەهێز دەکەین و لەهەڕەشەی لەناوچوون و مەترسی دووریان دەخەینەوە. دکتۆر عیزەت سابیر مامۆستای ئابووری لەکۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سلێمانی دامەزراوەکان بەفاکتەری بەهێزی پەرەپێدانی ئابووری و پێشخستنی کەرتەکانی دادەنێت، پێی وایە کاتێك هەنگاو بەرەو بەدامەزراوەیکردنی ئابووری و دامودەزگا پێوەندارەکانی دەنرێت، مەرجە یاساو ڕێنمایی دەربچێت بۆ ڕێکخستنی بەرنامەو کاری دامەزراوەکان. مامۆستا غازی عوسمان یاریدەدەری ڕاگر لەکۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین لەو بڕوایەدایە بوونی دامەزراوەیی یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەتوانا زامنی ئەو سەنتەرانەمان دەکات کەپارێزگاری لەدەستکەوتەکان دەکرێت و دەمانگەیەنێتە دۆخی پەرەپێدانێکی بەردەوام، ئەمەش مەبەست و ناوەڕۆکی پەیامەکەی سەرۆك بارزانییە بۆ بەدامەزراوەیکردنی دامودەزگاکانی کوردستان.

### دکتۆر دلێر حەقی شاوەیس ئەکادیمی و شارەزا لەبواری ئابووری: ئەرکی هەموو هاونیشتمانیەکە کار بۆ بوونی دامەزراوەیی بەهێزو خاوەن بڕیاری سەربەخۆ بکات، چونکە ڕۆڵی هەیە لەدیاریکردنی چارەنووس و داهاتووی کوردستان



دکتۆر دلێر حەقی شاوەیس: فاکتەرو هۆکارێکی سەرەکی پێشکەوتنی پرۆسەی ئابووری و وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان بوونی ژینگەیەکی ئارام و سەقامگیرە، کە دۆخێکی وای لێکەوتۆتەوە هەوڵەکانی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی و خۆماڵی بەگەڕ بخرێت و سەرکەوتوو بێت، قۆناغی بنیاتنانەوەی هەرێمەکە دەستی پێکردووە، ڕاستە وەبەرهێنانەکە زیاتر بوارەکانی بازرگانی و بەڵێندەرایەتی کردۆتەوە بەڵام ئەمە قۆناغی یەکەمەو گەر بەرنامەو کار بکەین بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان لەبوارەکانی بەرهەمهێنان و پیشەسازی و دروستکردنی کاڵاو کەرەستەی پێویست ئەو کات دەگەینە قۆناغێکی پێشکەوتوو لەبەگەڕخستنی وەبەرهێنانی بیانی، بۆیە ئەرکی هەموانە ئەو ئارامی و سەقامگیرییەی کە لە کوردستاندا هەیە بیپارێزن، چونکە ناسەقامگیری لەلایەك دەبێتە هۆکاری نەمانی متمانەی وەبەرهێنانی خۆماڵی و بیانیش، ئەمە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەرجەم پرۆسەی گەشەکردنی ئابووری و کاردانەوەیەکی سیاسی زۆر خراپیشی دەبێت. لەدوای دامەزرانی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم و بەشداریکردن لەحکومەتی عێراق کۆمەڵێك دەستکەوتی باشمان دەستکەوت، ئەم دەستکەوتە سیاسییانە ئەستوورو بەهێز نین بەدەستکەوتی ئابوورییانەو بەبەردەوام مەترسی لەناوچوونیان لێدەکرێت، گەر بێتوو هەلومەرجێکی ئابووری گونجاو دروست نەکەین و پشتگیری لەم سەقامگیری و دەستکەوتە سیاسییانە نەکەین، ئەوکات مەترسی لە ناوچوونی لێدەکرێت، لە پێناوی ئەمەدا دەبێت گرنگییەکی

تایبەتی بەبواری ئابووری بدەین و پرۆسەی ئابووری و وەبەرهێنان بۆ پێشەوە ببەین، ئەمەش ئەرکی هەموو تاکێکی کوردو هاونیشتمانییەکە هاوکاری بکات لەپرۆسەی سیاسی و ئابووریدا و کەموکورتییەکانی چارەسەر بکات و بەرگری لێبکات، کەتەنیا لەرێگای دامەزراوەکانەوە دەتوانرێت ئەم هەموو ئامانج و مەبەستە ئابووری و سیاسییە بپارێزین

موزائیکی ئاین و فرە نەتەوەیی جیاواز لەکوردستان فاکتەری بەهێزی کۆمەڵگای کوردستانییە، گەربێتوو بەراستی و وریاییەوە ئەو هێزە بەکار بهێنرێت و لەناو دامەزراوەیی بەهێزو رێکوپێك ئاراستە بکرێن و سوود لەتواناکانیان لەپێناو خزمەتکردنی کوردستان و هاوڵاتییان وەربگیرێت. ئەرکی هەموو هاونیشتمانیەکە کار بۆ بوونی دامەزراوەیی بەهێزو خاوەن بڕیاری سەربەخۆ بکات، چونکە رۆڵی هەیە لەدیاریکردنی چارەنووس و داهاتووی کوردستان. بێ ئەم دامەزراوانە ناکرێت باس لەپەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بکەین، دامەزراوەکانیش حکومی بن یا کەرتی تایبەت پێویستە دوور لەدەستێوەردان و بەشێوەیەکی سەربەخۆ رێك بخرێن و کاری خۆیان بکەن، ئەرکی پەرلەمانی کوردستانیشە وەکو دەزگایەکی یاسادانان بۆ بەدامەزراویکردنی ئابووری یاسا دەربکەن..

## دکتۆر عیزەت سابیر مامۆستای ئابووری زانکۆی سلێمانی پێی وایە:
## بوونی دامەزراوەکان بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی ئابووری پێویستە، چونکە لەدەوڵەتی بەدامەزراوەییەوە دەتوانرێت گەشە بە پرۆسەی سیاسی و ئابووری بدات



دکتۆر عیزەت سابیر: دامەزراوەیکردنی دامودەزگا حکومی و ئەهلییەکان و رێکخراوەکان سەقامگیرییەك بە بەرنامەو کاری حکومەتیش دەدات و بەیەکێکیش لەو فاکتەرانە دادەنرێت کە رۆڵیان لەپەرەپێدانی ئابووری و پێشخستنی کەرتەکانی هەیە، کاتێك هەنگاو بەرەو بەدامەزراوەیکردنی ئابووری و دامودەزگا پێوەندارەکانی دەنرێت مەرجە یاساو رێنمایی دەربچێت بۆ رێکخستنی بەرنامەو کاری دامەزراوەکان، دامەزراوەکان تەنیا روویەکی مەدەنییانەی لەبواری کارگێڕی نییە بەڵکو ئەرکی بەڕێوەبردنی ئابووری لەئەستۆیەو لەکاتی کەوتنەوەی ناسەقامگیری و نائارامی سیاسییەوە زامنی بەردەوامی و دەربازبوونمانە لە قەیران و ناسەقامگیرییەکان دەکات، ناکرێت لەدۆخ و ژینگەیەکی نائارام و ناسەقامگیردا ئیدعای پەرەپێدان بکەین بۆ پاراستنی ئەو سەقامگیرییەش بوونی دامەزراوەکان پێویستە. وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان توانیویانە لە رێگای بەدامەزراوەیکردنی ئابوورییەوە بگەنە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتوو لە وەبەرهێنان و پەرەپێدانی ئابووری.

ئەو پرسیارەی گرنگ بێت و پێویستە وەڵام بدرێتەوەو کاری جیدیی بۆ بکرێت ئەوەیە، ئایا رۆڵی یاسا لەدامەزراندنی دامەزراوەکان چییەو؟ ئەو هەنگاوانە چین کە پێویستە بگیرێتەبەر بۆ بەدامەزراویکردنی دامودەزگاکانی حکومەت؟ پێم وایە پێویستە ئەو راستییە بزانین کە دەبێت هەنگاوی یەکەممان بۆ بەدامەزراوەیکردنی کوردستان لە یاساوە دەست پێبکەین و هەموو کەس و لایەن و حیزبێك باپەندی یاسا بن و سەروەری بۆیاسا دانرێت ئەوکات بەدامەزراوەیکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و ئەهلیش ئاسان دەبێت، چەسپاندنی سەروەری یاسا دەبێت هاوکات بێت لەگەڵ:

- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی حزب و حکومەت
- دامەزراندنی کەسی شیاو لەشوێنی شیاودا.
- پلاندانانی کورتخایەن و مامناوەندی و درێژخایەن بۆ بەڕێوەبردنی هەموو دامودەزگاو ناوەندەکان.
- جێبەجێکردن و بەدواداچوون و چاودێریکردنی راسپاردەو بڕیارەکان.

## مامۆستا غازی عوسمان یاریدەدەری راگر لەکۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین:
## ئەرکی سەرۆکی کوردستان و حکومەتی هەرێمە لەرێگای بەدامەزراویکردنەوە خۆی بۆ بەڕێوەبردنی رووداوە کتوپڕەکان ئامادە بکات

مامۆستا غازی عوسمان: هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێری پایتەخت بەتایبەتی لە ئاکامی ئەو ئارامی و سەقامگیرییە سیاسییەوە گەیشتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر لە عێراق و بگرە بۆتە ناوەندێکی ئابووری و سیاسی لە ناوچەکەدا، لەجیهاندا سەدان هەرێم هەیە ژمارەیەکی کەمیان بەهاوشێوەی کوردستان



لەپەرەپێدان و پەرەسەندنێکی خێرادان. پێش چەند ساڵێك لەمەوبەر کارێکی ئاستەم بوو ئەو هەموو وەبەرهێنە بیانی و کۆمپانیا بەناوبانگەی ئەورووپاو ئیمارات و تورکیاو وڵاتانی دەوروبەر روو بکەنە کوردستان، بەڵام سیاسەتی ئاشتیانەی سەرۆك بارزانی و کرانەوەی هەرێمەکەی بەرووی جیهانەوە ئەم واقیعەی مسۆگەرکرد، ئەوەتا سەرۆکی ئەمەریکا بوش و ئۆباما لەئاستی سەرۆکایەتی پێشوازی لەسەرۆکی کوردستان دەکەن، گەر بگەڕێینەوە بۆ پەیامەکەی سەرۆك بارزانی کەبەردەوام تەئکید لەسەر دامودەزگای دامەزراوەیی دەکاتەوە دوور لە دەستێوەردان و کاریگەرێتی لەسەر بڕیارەکانی، بێ بوونی ئەم دامەزراوانە ناکرێت پارێزگاری لە پێشکەوتن بکەین و پەرەپێدان روو بدات، تەنانەت بەدامەزراویکردنی کوردستان و بەتایبەت ئابوورییەکەی هەنگاوی راست و دروستە بۆ کەمکردنەوەی رێژەی گەندەڵی و ناشەفافییەت و قۆرخ نەکردنی ئابووری. پێشکەوتنی ئابووری بوو وایکرد داهاتی تاکەکەسی هاووڵاتی کورد بەرز بێتەوەو واقیعێکی وا بخولقێنێت لە هەندەرانەوە گەنجی کورد بگەڕێنەوە هەرێمەکەو باری بژێوی دانیشتووان و خەڵکی هەژاریش روو لە باشی بکات، لەبەرامبەردا ناحەزانی میللەتی کورد لە رێگای گرووپ و تاقمە ئاژاوەگێڕەکان و سیخوڕەکانی دەزگا نهێنی و هەواڵگرییەکانی ناوچەکەوە لە هەوڵی ئەوەدان لەم بارودۆخە ناسکەدا درزو کەلێن بخەنە ناوماڵی کوردو دۆخێکی پشێوی بخولقێنن، شۆفێنییەکان و کۆنە بەعسییەکان وەکو نموونەیەکی بەرچاو دیارن کە ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەی کوردستانیان بێ خۆش نییەو پیلان و کاری بەردەوامی بۆ دادەڕێژن بۆ تێکدانی رەوشەکەو دارشتنەوەی سیناریۆی جۆراوجۆر، لەپێناو ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی و نانەوەی ئاژاوەگێڕی و لەخشتەبردنی هاووڵاتییان.

بەدەستهێنان و پاراستنی ئەم سەقامگیرییە لەناوچەیەکی وەکو رۆژهەڵاتی ناوەراست کە

**حکومڕانی سەرکەوتوو بێ بەدامەزراویکردنی ئابووری شانسی کەمترە بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی و ناشەفافییەت**

**دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن چۆن کار بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیری ئابووری دەکەن؟**

ئەو هەموو ململانێ سیاسی و ئابوورییانەی تێدایە کارێکی ئاسان نییەو پێویستی بە کەسانی دڵسۆزو بەتوانای وا هەیە کەلە ناوەندەکانی سیاسی و ئابووری پێشکەوتنەوەی رووداوەکان رووبەرووی هەموو پیلان و بارێکی نائارامی ببنەوە، چونکە گەر بێتوو نەبینە خاوەنی دامەزراوەیی بێلایەن و بەهێزو بەتوانا ئەوکات بارودۆخی هاوولاتی بەرەو خراپی دەچێت و بڕواو متمانە کەم دەبێتەوەو زیانێکی گەورە بەر بازاڕو ئابووری دەکەوێت. وەکو ئابووریناسێك پێم وایە بەبێ دامەزراویکردنی ئابووری و پاراستنی سەقامگیری ناکرێت پارێزگاری لە داهاتی تاکەکەسی و ئەو پێشکەوتنانە بکرێت کە لەبواری خزمەتگوزارییەکان و هەلی کار نراوە.

## دکتۆر سوبحی حەیدەر شارەزا :
## سەربەخۆیی بەڕێوەبردن بنەمایەکی بەهێزە بۆ بەدامەزراوەیکردنی کوردستان



بنیاتنانی ئابووری بازاڕ لەڕێگای ئابووری دامەزراوەیی نوێوە، بێ حوکمڕانییەکی دیموکراتی و پاراستنی ماف و ڕێکخستنی ئەرکەکانی تاك نایەتە بەرهەم، کە تێیدا کار پیرۆز بکرێت و بەهای راستەقینەی بۆ بگەڕێتەوەو پاڵنەریش بۆ پێشکەوتنی کار هەبێت لەڕێگای پاڵنەری ماددی و پاراستنی مافی موڵکداری و دروستکردنی کێبڕکێ، لەکۆمەڵگایەك کە سیستەمی دامەزراوەیی هەبێت یاسا لەخزمەتی تاك دەبێت و پاڵنەریشە بۆ جێبەجێکردنی یاسا، چونکە تاکەکان لەناو ئەو کۆمەڵگایانە خاوەنی ئیرادەی خۆیان دەبن، یاساکان لە پێناوئازادی تاکەکان و مافی موڵکداریتییان دادەنرێت، لەمبارەیەوە: دکتۆر سوبحی حەیدەر شارەزا لەبواری پارتە سیاسییەکان و سەرۆکی بەشی رامیاری لەزانکۆی سەلاحەدین لەوەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵاندا ئاماژەی بەرۆڵی پارتە سیاسییەکان لەژیانی ئابووری و هەنگاونان بەرەو بەدامەزراوەیکردنی دامودەزگاکانی کوردستان کرد لێرەدا پوختەی بۆچوونەکانی بڵاودەکەینەوە:

پارتە سیاسییەکان خۆی لەخۆیدا ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی سیاسییە، لەناو چوارچێوەی کۆمەڵگادا کاروچالاکی خۆی بەڕێوە دەبات. ئەم ڕێکخراوە سیاسییە هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی چەند ئەرکێك کە گرنگترینیان مەسەلەی هەڵبژاردن و ڕێکخستنی کاری دامودەزگاکانی حکومەت و چالاك کردنی ژیانی سیاسیی و پێگەیاندنی سیاسییە، چەندین کارو ئەرکی دیکەش لەئەستۆ دەگرێت و، ئەم ڕێکخراوە بۆ گەیشتن بەدیموکراتییەت زۆر گرنگە. دروستبوونی پارتە سیاسییەکان دەروازەیەکە بۆ دەربڕینی بیرورا، کە خاڵێکی گرنك ئەوەیە دابینکردنی ئازادی ئەرکی ڕێکخراوی سیاسییە و لەژێر ئامانج و مەبەستێکی ئاشکرا خەڵکی کۆبکاتەوە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، تەنیا بەو مانایە نا کە بگاتە دەسەڵات بەڵکو کاریگەریی هەیە لەسەر دەسەڵات و پاراستن و مانەوەی دەسەڵات

یەکێك لەمەرجەکانی سەقامگیری سیاسی ئەوەیە خەڵکی لەناوکۆمەڵگا مافی رادەربڕینی خۆیان هەبێت و بەشداری ئابووری ڕێك بخرێت گەر بێتوو پارتە سیاسییەکان نەبێت پشێوییەك دروست دەبێت.

پارتە سیاسییەکان لەمیانی کارکردنی سیاسی خۆیان بەرنامەیان هەیە بۆ دروستکردنی بەرنامەی ئابووری چ پارتی دەسەڵاتدار بێت یا ئۆپۆزسیۆن دەسەڵات دارشتنەوەو پەیرەوکردنی بەرنامەی ئابووری و جێبەجێکردنی، ئۆپۆزسیۆنیش هەوڵ دەدات پلانی نوێ دابنێت بۆ کەمکردنەوەو چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان واتە حکومەتی سێبەرە کە چاودێری تەواوی دەسەڵاتەکانی هەرێم دەکات و گەر بێتوو سیاسەتەکە چەوت بێت بەرنامەو سیاسەتی نوێ دادەڕێژێت، ئەمەش لەناو پرۆسەیەکی ئارام و مەدەنییەت گەرچی پێم وایە ئێمە لەقۆناغی گەیشتنداین بەرەو دیموکراتییەت بۆیە پارتەسیاسییەکان رۆڵی گەشەپێدانیان هەیە بۆ گەیشتن بەپەرەپێدان. سەربەخۆیی بەڕێوەبردن بنەمایەکی بەهێزە بۆ بەدامەزراوەیکردنی کوردستان، کە لەڕێگای یاساو ڕێنماییەکانەوە سەربەخۆیی بۆ تەمویلکردنی دامەوراوەکان دەبێت، بەپێچەوانەشەوە گەر بێتوو کەرتی حکومی و تایبەت روو لەدامەزراوەیی نەکەن ئەوکات دەستێوەردان لەکاروباری بەڕێوەبردن و بڕیاردان و گەشەی دامودەزگاو ڕێکخراوەکان روو دەدات و ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە « بێ بەدامەزراویکردن ئامانج و سەربەخۆیی لە بڕیارو جێبەجێکردن جێبەجێ ناکرێت».

### مەرجە دەسەڵاتی حکومەت کەم بکرێتەوەو لەبەرامبەردا دامودەزگای دامەزراوەیی کەرتی تایبەت دەسەڵاتەکانی فراوان بکرێت

گەر بمانەوێت ببینە خاوەنی دەوڵەتی دامەزراوەیی ؛ مەرجە دەسەڵاتی حکومەت کەم بکرێتەوەو لەبەرامبەردا دامودەزگای دامەزراوەیی کەرتی تایبەت دەسەڵاتەکانی فراوان بکرێت، رۆڵی حکومەتیش وەکو چاودێری و بەدواداچوون دەمێنێتەوەو ئەرکی ئاراستەکردنی کایەکانی ناوکۆمەڵگاو ئابووری هەرێمەکەیە، لەناو ئەم بەدامەزراویکردنەی هەموو کایەکانی ناو کۆمەڵگاش «ئابووری دامەزراوەیی نوێ» پێداویستییەکی سەردەمی ئەم قۆناغەی هەرێمەو، زامنی گەیشتنمانە بەئابووری بازاڕ و ڕێکخستنی بازاڕ لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەیاساو دادپەروەری و پاراستنی ماف و ئەرکەکان، تەکنەلۆژیا تەنیا دیوێکی خێراکردنی گەشەسەندن و کەمکردنەوەی ماوەی گەیشتنە بەپەرەپێدان دیوەکەی تری بوونی دامەزراوەیی ئابوورییە کەوایکرد رووبەرووی هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە بێتەوە کەرێگر بوون لەگەیشتن بەئابووری بازاڕ، بەپێچەوانەشەوە نەبوونی ئابووری دامەزراوەیی نوێ بەواتای بوونی ئابووری حزبی و شەخسی دێت و رێگرە لەبەردەم پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئابووری بازاڕ. دانانی گەشەکردن و پەرەپێدانی بەڕێوەبردن لەریزبەندی پێشەوەی کارەکانی حکومەتی هەرێم کەتەنیا لەڕێگای ڕێزگرتن لەیاساوە دێت، ئەمەش بێ دامەزراوەیی سەربەخۆ بنیات نانرێت، ئەم دامەزراوانەش زامنی گەیشتنمانە بەرەو گەڕانەوەی متمانەو ڕێزی خەڵکی بەرامبەر بەیاسا بۆ رووبەرووبونەوەی گەندەڵی و قۆرخکاری و بێ سەروبەری یاساکانی ئابووری و بازاڕو ڕێکخستنەوەی بنەماکانی بنیاتنانی ئابووری بازاڕ، بەدامەزراویکردنی ئابووریمان پێویستەو، بوونی ئیرادەو خواستی تاکەکان لەم پێناوەدا گرنگە، ناکرێت باس لەدامەزراویکردن بکەین، بەڵام کارمان لاپیرۆز نەبێت و کاروبارەکان لەژێر چەتری یاسادا نەبێت.

سیاسەتی ئاشتیانەی سەرۆک بارزانی و کرانەوەی هەرێمەکە بەرووی جیهانەوە کوردستان بەگشتی و هەولێری پایتەخت بەتایبەتی کردە ناوەندێکی ئابووری و سیاسی لە ناوچەکەدا

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی حزب و حکومەت سەرەتایە بۆ چەسپاندنی یاساو رۆیشتن بەرەو بەدامەزراویکردنی ئابووری و ناوەندەکانی تر لەهەرێمی کوردستان



گوڵان
ژمارە (٧٨٢)
٢٠١٠/٥/٢٤